سەرۆکی حکیم .. بەردەوامی سەقامگیری عێراق لە بەرژەوەندی ناوچەکە و هەموو جیهانە



بەڕێز عەمار حکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە بەڕێز گلین مایەز بالیۆزی ئوستڕالیا لە عێراق کرد، لەم دیدارە باسی پێشهاتەکانی دەخی سیاسی عێراق و ناوچەکە و پەیوەندی دوو وڵاتی نێوان عێراق و ئوستڕالیا و پێشهاتەکانی غەزە کرا، سەرۆکی حکیم دووپاتی کردەوە کە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی دوو وڵاتی و دۆستگاکانی وەبەرهێنان و خاڵە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو وڵات گرنگە، هەروەها ئەکتیڤکردنی کەرتی کشتوکاڵی لە عێراق گرنگی تایبەتی هەیە، گوتیشی پێویستە ئاو کەرتە گرنگە پاڵپشتی بکرێت و سوود لە ئەزموونی وڵاتە پێشکەوتوەکانی ئەم بوارە وەربگیرێت کە ئوستڕالیا یەکێ لەوانە و بەپێویستی زانی کە باشترین ڕێگا بە بەڕێوەبردنی ئاو پەیڕەوی بکرێت.

سەرۆکی جەختی کردەوە لەسەر پاراستنی سەقامگیری عێراق و گوتیشی ئەوە گرنگە بە بەرژەوەندی سەقامگیری ناوچەکە و هەموو جیهان، ئاماژەشی کرد کە بنەماکانی ئاو سەقامگیریەیە خێی لە پێشهاتە ئەرێنییەکان لە ڕووی سیاسی و کەمڵایەتی و ئەمنی دەبینیتەوە.

سەرۆکی دووپاتی کردەوە کە پاڵپشتی حکومەت دەکات لە جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومی لە دابین کردنی خزمەتگوزاری و دابین کردنی هێلی کار و باشکردنی دەخی لاوان و پاڵپشتی کردنیان، هەورەها دووپاتی کردەوە کە پاڵپشتی پلانەکانی گەشەسەندنی ئاستی دانیشتوان دەکات و گوتیشی عێراق هێلی بەنرخی هەیە بۆ پێویستە سەقامگیری بەردەوام بێت و بە سەقامگیرییەکی بەردەوام بگەڕێت.
سەرۆکی جەختی لەسەر کۆتایی پێ هێنانی قەیرانی غەزە کردەوە، لەگەڵ پێویستی وەستاندنی کەمپەینی کوژی و جینوسایدی کە گەلی فەلەستینی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەڕێش بەرپرسیارێتی خستە سەر کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بۆ کۆتایی پێ هێنانی قەیرانی مرۆیی و کاردانەوەی لەسەر داماني بەهاکان گوتیشی هەموو بە دەنگ دەبن کاتێك کوشتن و وێرانکردن ڕۆژانە لەلایەن قەوارەی زایەنی دژی فەلەستینییەکان ئەنجام دەدرێت.